# شەکاوە بۆ ئاڵای ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان لە ۳۲ ساڵەی ڕاسان بەرانبەر هێرشی ژینۆساید و قڕ کردنی

**ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد!**

**کوردستانییە نیشتمانپەروەرەکان!**

**۲۸ ی گەلاوێژی ئەمساڵ، ۳۲ ساڵ بەسەر دەرچوونی" فەرمانی جیهاد" بەدژی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێدەپەڕێ.**

۳۲ ساڵ لەمەوبەر، لەپاش زنجیرەیەک پەلامار و شەڕفرۆشیی حاکمانی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئێران، سەرەنجام لە ۲۸ گەلاوێژدا، خومەینی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، بەدەرکردنی حوکمی جیهاد لە سەر کورد ، شەڕ و پەلاماری سەرانسەریی بە دژی نەتەوەکەمان، ڕاگەیاند.

بەدووای دەرچوونی ئەو فەرمانە، دەیان هەزار کەس لە هێزەکانی ئەرتەش و پاسداری کۆماری ئیسلامی لە عەرد و ئاسمانەوە بە پاڵپشتی تۆپ و تانک و تەیارە، هێرشێکی بەربڵاویان بە ئامانجی داگیرکردنەوەی کوردستانی ئازاد و تێکشکاندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەچۆکداهێنانی ڕۆڵەکانی ئەم خاکە و سەپاندنی حوکمی داگیرکەری، وەڕێخست.

هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بەپێی حوکمێ کە دەرچووبوو، لە هیچ تاوان و جینایەتێک دژ بە ڕۆڵەکانی کورد و ژینگە و خاکی کوردستان نەپرینگانەوە و لە ئاکامی ئەو هێرشە سەرانسەرییەدا، هەزاران مرۆڤی کوردیان بەتاک و کۆ، لە ناو برد. هەروەها بەشێک لە ئاوەدانی و کێڵگە و دار و دەوەنی وڵاتەکەمانیان کردە سووتماک.

لە بەرانبەر حوکمی جیهادی خومەینی و هێرشی هێزەکانی بەرفەرمانیدا، ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد داماو و دەستەوەستان نەوەستان و بە یەکگرتوویی و وەڕێخستنی بەرگری و بەرخۆدانێکی مێژوویی،لاپەڕێکی دیکەی پڕ سەروەرییان خستەسەر مێژووی بەرەنگاریی نەتەوەی کورد بەرانبەر داگیرکەران و لە ماوەی ۳ مانگدا، دەرسێکی وایان بە داگیرکەران دادا کە سیستەمی سەرکوت و داگیرکەریی ڕێژیم پەکی کەوت و هەر خومەینی خۆی ناچار بوو فەرمانی ڕاوەستانی شەڕ و بانگەوازی ئاشتی دەربکا.

ئەو فەرمانەی خومەینی لە ۲۸ گەلاوێژدا بە دژی کورد دەریکرد، هەر چەندە ڕواڵەتی ئایینی هەبوو، بەڵام لە ناوەڕۆکدا، درێژەی ئەو ڕێچکەیە بوو کە حکومەتە یەک لەدووای یەکەکانی ئێران هەر لە شاکانی سەفەوییەوە تا قاجار و پەهلەوی بۆ تووناکردنی گەلی کورد و بەتاڵان بردنی سامانی وڵاتەکەی و رووخاندنی هەر قەوارەیەک لە حاکمییەتی نەتەوەیی ئەم نەتەوەیە، گرتبوویانە بەر. ئەو فەرمان و کردارە دژی ئینسانییە، لە یاسای نێودەوڵەتی دا دەچێتە خانەی ژینۆساید و کۆمەڵکوژییەوە.

خۆراگری و کۆڵنەدانی کوردان و بەرپەرچدانەوەی داگیرکەر و حەولدان بۆ بەرقەراریی سەروەریی نەتەوەییش، نەریتێ بوو کە لە شێخی شۆڕشگێران شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و سەرداری گەورەی گەل سمکۆی شکاک و هەڵۆی سووری مەڵبەندی لورستان قەدەم خێر و پێشەوای شەهیدی گەل قازی محەمەدەوە بەمیرات بۆ رۆڵەکانی نەتەوەی کورد مابووەوە.

بەمجۆرە ئەگەر فەرمانی جیهاد بە دژی نەتەوەی کورد، سیمبولی ناسیۆنالیزمی داگیرکەر و خۆسەپێنی ئێرانی بوو لە سەردەمێکی تازەدا، بەربەرەکانی و بەرخۆدانی جەماوەریی کورد، هێمای ناسیۆنالیزمی ئازادیبەخشی کورد بوو لە پێناو سەروەریی سیاسیی خۆیدا.

شەڕ و تاوانی کۆماری ئیسلامی لە دژی نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، لە ماوەی ٣٢ ساڵی ڕابردوودا نەبڕاوەتەوە و درێژەی هەیە. تێرۆری ڕێبەرانی سیاسی، ئێعدامی رۆڵەکانی کورد لە زیندانەکاندا، بەتالان بردنی سامانی نەتەوەیی کوردان، تێکدانی باری دیمۆگرافی هەرێمە رەسەنەکانی کوردستان، حەولدان بۆ شێواندنی ناسنامە و کلتور و کەسایەتی کورد، بڵاوکردنەوەی مادە بێهۆشکەرەکان، پەستاندنی هەزاران کورد لە ئەشکەنجەگاکان و کوشتاری بەردەوامی ڕۆڵەکانی کورد لەسەر سنوورەکان، درێژەی ئەو حوکم و شەڕەیە کە 32 ساڵ لەمەوبەر بەسەر کورد دا سەپا.

بەلام نە داگیرکردن و میلیتاریزەکردنی کوردستان و نە قوربانییە زۆر و زەوەندەکانی نەتەوەی کورد، بزوتنەوەی ئازادییبەخشی کوردستانی پەک نەخستووە و بە هەموو هەوراز و نشێوەکانەوە، نەتەوەی کورد ئالای ئازادی و ملنەدان بە زۆرداریی شەکاوە ڕاگرتووە.

ئەمڕۆ لە دەسپێکی ٣٣ ساڵەی دەرچوونی حوکمی ژێنۆسایدی نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، پارتی ئازادیی کوردستان لەسەر ئەم پرێنسیپانە پێدادەگرێ:

١-نەتەوەی کورد، وەک نەتەوەیەکی کۆلۆنیکراوی دابەشکراو مافی رەوای خۆیەتی، بۆ هەڵتەکاندنی ئەو تەرتیباتە سیاسییە ناڕەوایەی بە سەریدا سەپێندراوە، تێبکۆشێ. کورد وەک هەموو نەتەوەکانی ئەم جیهانە، مافی رەوای خۆیەتی، سنوورە سیاسییە دەسکردەکان تێکشکێنێ و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دابمەزرێنێ.

٢- دەوڵەتی ئێران و سەرانی بڕیار بەدەستی کۆماری ئیسلامی، بەرپرسی ئەو کۆمەڵکوژی و ژێنۆسایدەن کە لە ٢٨ گەلاوێژی ١٣٥٨( هەتاویی) دژ بە نەتەوەی کورد، بریار درا و بەڕێوە برا. نەتەوەی کورد خوازیاری ناسینی ئەو بریار و ڕووداوە بە ژێنۆسایدو، دادگایی کرانی بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی کوشتاری دەیان هەزار مرۆڤی کورد و قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانانەیە لە کورد و کوردستان دراون.

٣-بەرەنگاری نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان لە حاست، هێرشی سەرانسەریی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ توونا کردنی کورد، بڕیارێکی دروست و مێژوویی بوو. کەڵک وەرگرتنی نەتەوەی کورد لە هەر کەرەستە و ئامراز و تێکنیکێکی سەردەم، بۆ پاراستنی خۆی و وەدەسهێنانی مافەکانی، بە مەرجێک بەدەر لە تێرۆر و رەشەکوژی بێ، دروست و رەوایە.

٤- نەتەوەی کورد مافی خۆیەتی بۆ پاراستنی خۆی لە کوشتار و قەلاچۆ و بۆ گەیشتن بە بەرابەری حقوقی- سیاسی لە گەڵ هەموو نەتەوەکانی هەرێمەکە و وەدەستهێنانی سەروەریی سیاسیی، وێڕای پشت بەخۆ بەستن، هانا بۆ ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان بەرێ و داوای هاوکاری لە دەوڵەتانی جیهان بکا.

٥-نەتەوەی مەزنی کورد، بە یەکێتی ریزەکانی دەتوانێ ، بەرەنگاری هەموو هەڕەشەکانی دوژمنانی ببێتەوە و لەو دەرفەتانەی لە جیهانی ئەمڕۆدا بۆ نەتەوە بندەست و بێدەوڵەتەکان پێکهاتووە، کەڵکوەرگرێ.

**پارتی ئازادیی کوردستان**
**کۆمیتەی ناوەندیی**

**28گەلاوێژی ٢٧١١**
**2011ی زایینی**